# جەژنەكانی كوردایەتی بێ بەڵا نەبوون..!

ئەمجەد غەفور

ئەو ڕۆژانەی ناسیۆنالستەكان بە ناوی سەركەوتنەوە جەژنیان گرتووەو خەڵكیان پێ فریوداوە نمونەیان زۆرە وهەمووان بە ڕۆژو سالەكانی ئاشنایین. بەلام لەم ڕۆژو جەژنانەدا كە ناسیونالیزمی كورد خەلكی پێ سەرمەست دەكەن‌و بەسەماو هەلپەركیەوە دەیانهیننە نیو شەقامەكانەوە، بەلاو كارەساتی كەمیان بەشوێنەوە نەبووە، تەنانەت هیندەی نەخایاندووە كە ترس‌و دلەراوكێ‌و بێ ئومیدی دەرگای مال بە مالی خەلكی كوردستان بگریتەوەو جەژنەكەیان لیبكە بە شین.

چەندین سالە سەرانی سیاسی ئەحزابی ناسیۆنالستی كورد یاری‌و قوماریان بە ژیانی خەلكی كردووە، ئاكامە زیانبارەكانی ئەم قومارەش هیشتا ئازارەكانی لە ناخ‌و دەرونی خەلكیدا ماون‌و هەر دووبارەو چەند بارەش دەبنەوە، بەراستی ئەزمونیكی تال‌و میژوویەكی سەختیان بۆ خەلكی فەراهەم هیناوە.

پرسیار ئەوەیە لە سایەی دەوری چەندین سالەی هیزەكانی ناسیۆناستی كورددا بۆچی جەژن‌و كارەساتەكان هەمیشە پیكەوە گری دراون‌و لیك جیا نابنەوە؟. ئاخۆ ئەم جارە دانانی جەلال تالەبانی بە سەرۆك كۆماری عیراق دوا جەژنەو ئیتر خەلكی دەحەوینەوە؟ ئەم هەرایەی یەكیتی نیشتمانی كوردستان سازی داوەو پارتی دیموكراتی كوردستانیش دەهولی بۆ لێ ئەدات‌و هەموو ئەوانەی ئیحساساتی كوردایەتی هەلیان دەپەرینێ ئاخۆ مەبەستیان ئەوەیە مەسەلەی كورد بە ئاكامی خۆی گەیشتووەو ئیستا خەلكانی كوردستان دوا جەژنی سەركەوتن دەگرن؟

واقعیەتی بزووتنەوەی كوردایەتی بە ریكخراوو حیزب‌و هیزەكانیەوە لەگەل واقعیەتی خواستی خەلكی كوردستاندا دوو هیلی تەریبن‌و تەنها بە خەیال‌و فریو بەیەك دەگەن:

ئەوەی یەكەمیان: نەتەوە دروستكردن، روحی شۆفینستی، میژووی ساختە، هیزی میلیشیا، دەسەلاتی حیزبایەتی، دژی ئینسانیەت، كۆنەپەرستی، لە چوارچیوەی عیراقیشدا ریك كەوتن لەگەل كۆنەپەرستانی ئیسلامی سیاسی‌و حكومەتی مەركەزی‌و وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەسەلاتی سیاسیداو لە ژیریشەوە ئیدعای دەولەتی كوردی.

دووەمیشان واتە خواستی خەلكی كوردستان: ئازادی سیاسی، خۆشگوزەرانی‌و ژیانی هاوچەرخ‌و مۆدیرن، رزگار بون لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی‌و بە حساب نەهاتن وەك هاوولاتی پلەدوو، مافی ئینسانی‌و سەربەخۆیی‌و بەرەو دنیایەكی باشتر.

بالادەستی ئەحزابی ناسیونالستی لە كوردستاندا هەمیشە پیشیلكردنی خواست‌و سەركوتی نارەزایەتی خەلكی كوردستانی بەدوای خۆیدا هیناوەو هاوكات بۆ وەرگرتنی ئمتیازاتیشیان ئەوە چارەنوسی خەلك بووە یاری پیكراوە، بەلام لەهەر كایەو یاریەك‌و وەرگرتنی ئیمتیازاتدا ریكەوتنیكیان لەگەل دەولەتی مەركەزیدا بەستووەو ئەمەشیان بە "جەژنیكی نیشتمان"ی لەقەلەم داوەو بەناوی جەژنی خەلكەوە خۆشخەیالی‌و فریوكاریان پەخشانكردۆتەوە لەكاتیكدا ئەم جەژنانە بریتی بووە لە ریكەوتن‌و دەستكەوتیكی بێ بنەماو كاتی لەگەڵ حكومەتی عیراق بۆ حیزبەكانیان، كە نەك بە دوور بووە لە بەدی هینانی خواستەكان‌و چارەنوسی خەلكی كوردستان، هۆی ریگە پێ گرتنیشیان بووە.

هەمیشە دەولەتی مەركەزی لە بەلانس‌و تەوازنیكی سیاسیدا چاوپیكەوتنی لەگەل ئەم هیزانەدا كردووەو بە قازانجی مەحكەم كردنی دەسەلاتی سیاسی دكتاتۆری لە عیراقدا ریكەوتنی لەگەلدا كردون، حكومەتی عیراق بە شیوەیەكی كاتی چەند پەیمانیكی پیداون‌و وەزعی سیاسی بە دەستكەوت‌و قازانج بۆ سیاسەتەكانی دەولەت پێ راگرتون، كاتێ كاری پێیان نەماوە، نەك ریكەوتن نامەكانیان هەلوەشاوەتەوە بەلكو كارەساتیشی بەدوای خۆیدا هیناوە، ئەمانە سورانەوەیەكی بەردەوامیان بووە بەدەوری ئەو بازنە بۆشەدا "شەر، ریكەوتن، شەر.. " كە لە چل سالی رابردوودا ئەحزابی كوردایەتی بە شیعاری لامەركەزی، ئۆتۆنۆمی، فدرالیەت ژیانی خەلكی كوردستانیان پێ لە قالب داوە، داماوی‌و كارەساتیشی كردووە بەدیاری بۆ خەلكی.

بەدوای ئەوەی هیزەكانی دەولەتی عیراق بە پاریزگاری نەتەوە یەكگرتووەكان‌و دیاری كردنی هیلی"نۆفلایزۆن" لە كوردستان چونە دەرەوە، ئەحزابی كوردایەتی بەناوی بەرەی نیشتمانیەوە جەژن‌و سیناریۆی هەلبژاردن‌و پەرلەمانیكی گالتەجاری وەهایان بەرێ خست كە بەدوایدا پینج سال شەری ناوخۆی پێ تەنیەوەو كوردستانیش بووە قوتابخانەو بنكەی تیرۆریزمی ئیسلامی.

ریکەوتنی حیزبەکانی کوردایەتی لە نیوان خۆیان‌و دەولەتی مەرکەزی‌و دەولەتانی ناوچەکەدا، مەسەلەیەکە تەواو پەیوەست بووە بە دەورو ململانێی سیاسەت‌و قازانجی هیزەکانی ناسیونالستی عەرەبی‌و ئیسلامی سیاسی‌و دەولەتانی ناوچەکە، کە بە گویرەی بەرنامەو نەخشەو قازانجی سیاسی ئەو هیزانە لە هەلومەجیکی دیاریکراودا هەلسورانی سیاسیان کردووە، کە لەو نیوەدا ئەحزابی کوردایەتی هەمیشە پاشکەوتو وە لاوازو بێ ئابروو بوون‌و هەر جارە لایەنیك لەو کیشمەکیشانە بە قازانجی خۆی کیشی کردون‌و بەکاری هیناون، لە ئاکامدا هەمیشە کیشە کوردیان پێ ئالۆزتر کردووەو دەوری چالاکیان بووە لە بێ ئیرادەکردنی خەلکی‌و بەردەوامی چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا.

هەربۆیە ئەحزابی کوردایەتی لە تەواوی میژووی هەلسورانی سیاسیاندا هەتا وەك بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرجوازی نەك نوینەری بزووتنەوەی دیموکرات خوازی نەبون، هەروەها یەکی لە دوژمنانی سەرسەختی ئازادی سیاسیش بون، بەشیکی پەیگیر لە نمونەی ناسیۆنالستی کۆنەپەرست‌و دژی ئینسانی لە مەیدانی سیاسی عیراقدا هەلسورانی سیاسیان کردووە، جەژنەکانیشان بۆ دەستکەوتی کۆنەپەرستانەیان بووە.

ئیدعای دیموکراتیەت بۆ عیراق بە ریکەوتن نامەی ئەحزابی ناسیونالستی عەرەبی‌و کوردی‌و ئیسلامی سیاسی بە پشتیوانی دەولەتی ئەمریکا، ناوەرۆکیکی تەواو پوچ‌و بێ مانا‌و تەواو فریوکارانەیە، سیناریۆی هەلبژاردن‌و دیاری کردنی پۆستەکانی نیو دەولەتی عیراق پرۆسەیەکی ئاشکرای ریکەوتنی ئەو هیزە کۆنەپەرستانەیە کە بەدوای هیرشی هیزەکانی ئەمریکا بۆ سەر عیراق‌و دارمانی حکومەتی بەعس، پەیوەستە بە سیاسەت‌و نەخشەکانی ئەمریکا لە عیراق‌و ناوچەکەدا، کە ریکخستنەوەی دەولەتیکی گوێ لە مستی ئەمریکایان لە ئەستۆ گرتووە.

لە ریکخستنەوەی دەولەتیکی ناسیۆنالیستی‌و ئیسلامیدا وە سەر بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، لە ئیستادا تەوازنی هیزەکان فرسەتی داوە کە ناسیونالستی کوردو هیزەکانی بەناو شیعە وەك حیزبی دعوە زیاتر فرسەتی ریکخسنتەوەو دەست بەسەراگرتنی دەسەلاتیان هەبیت، وە بەقازانجی هەردوو لایانە کە بەریکەوتن حکومەتیکی لە چەشنی ئیستا پیك بهینن، کە جلال تالەبانی سەرۆك کۆمارو ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی بیت، ئەمەش چەند دەخایەنێ تەمەنی چەند دەبیت پەیوەستە بە ئالوگور لەتەوازنی هیزە سیاسیەکاندا، دیارە ئاکامی حکومەتیکی لەو چەشنە حەتمیە بەبێ دەرگیری‌و کارەسات نابریتەوە. دیارە واقعیەت‌و ئەزمونی ریکەوتنەکانی نیوان ئەحزابی ناسیونالستی‌و ئیسلامی سیاسی کە دژ بە دەولەتی عیلمانی‌و غەیرە قەومین ناتوانی لە دژی خەلکی زیاتر چاوەروانی تری لی بکریت.

جەژن گرتن بۆ بوون بە سەرۆك کۆماری جەلال تالەبانی دووبارە خۆشخەیالی‌و فریودانی خەلکیە، چونکە لە سایەی ریکەوتننامەیەکی کۆنەپەرستانەو کاتی‌و ئالوگۆری تەوازنی هیزە سیاسیەکاندا، دەبیت چ جۆرە کارەساتیك چاوەروانی خەلکی بکات، عیراق لە لیواری شەری قەومی‌و ئاینی‌و تائیفیدا راگیراوە، مەیدانی هیرشی تیرۆریستانە، دەولەتیکیش کە پیکی دەهینن دابەشکردنی بەشەکانی دەسەلاتە بۆ ئەو هیزە کۆنەپەرستانە کە بە ئیدعای دیموکراتیەت پیشلکردنی ئیرادەی جەماوەری خەلکی دابین دەکەن، بۆیە هەر لەحزەیەك بیت قابیلی تەقینەوەیەکی مەترسیدارە.

تەنها زەمانەت بۆ بەرگرتن بەو کارەساتە پیك هینانی دەولەتیکی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینیە لە عیراقدا کە "ریکخراوی ئازادی عیراق" بۆی تیدەکۆشیت.

بونی جلال تالەبانی بە سەرۆك کۆمار هەرچەندە دەستکەوتکی وەهای نیشان داوە بە ناسیونالستی کورد کە لە میژووی هەلسورانی سیاسیاندا دەست کەوتی وەهایان بەخۆوە نەدیوە، هەر بۆیە توانیویانە هەژمونییان بەسەر فەزای کۆمەلگەی کوردستاندا زیاتر بکەن‌و جەژنیکی گەورەتر لە جەژنەکانی تر بگرن، بەلام لە واقعدا چارەنوسی کوردستان نادیارترو ئالۆزترو دژوارترو مەترسیدارتر بۆتەوە، وەك جەژنەکانی پێشو کوردستانیان لە لیواری بەلایەکی کوتوپرو مەترسیداردا راگرتووە، خەلکی کوردستان دەبیت فریو نەخۆن‌و دەرس لە ئەزمونەکانی پیشوی ئەم هیزانە وەربگرن‌و ریگانەدەن بەدوای "هەرجەژنیکدا" کارەسات وبەلایەکی تر یەخەیان بگریتەوە، زەمانەت بۆئەمەش هینانە مەیدانی هیزی خەلکە لەپیناو خواستی جیابونەوەی کوردستان‌و پیك هینانی دەولەتیکی سەر بەخۆ کە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" خەباتی بۆدەکات.